# بۆچی دەبێت عەلی حەسەن مەجید لە سێدارە بدرێت ؟

**عەلی مەحمود محەمەد**

بێشك قێزەونترین تۆڵە , دلڕەقانەترین سزا , توندترین بڕیار , دانی بڕیاری هەڵواسینە بەسەر مرۆڤدا , ئەم بڕیارە قێزەونە لە چەندین کیشوەری وەك ئەمەریکای لاتین و ئوستراڵیا لە بنەڕەتەوە نەماوە , لە هەموو ئەمەریکای باکوور و ئەوروپا تەنها لە 2 وڵات پیادە دەکرێت , لە وڵاتانی دیکەش هەنگاو دەنرێت بۆ هەڵگرتنی , بە تایبەت لەو وڵاتانەی لە ئارامی سیاسی و دوور لە تیرۆر دەژێن و شوێنەواری کۆمەڵکوژی بەسەریانەوە نەماوە , ساڵانە لە جیهان چەندین وڵات پەیوەست دەبن بە ڕیزی بنەبڕکەرانی سزای لە سێدارەدانەوە .

ئەمەی سەرەوە زۆربەمان دەیزانین و باوەڕمان پێیەتی , بەڵام پێویستە بزانین لەکوێوە ئێمەش دەستی پێدەکەین , دیاریکردنی خاڵی دەست پێکردن بۆ سەرکەوتنی هەموو بزووتنەوەیەك زۆر گرنگە , ئایا دەتوانرێت بزووتنەوەی دژی ئیعدام لە کوردستان لە پاراستنی ملی سەدام و عەلی حەسەن مەجید و حەجاج و شێخ زاناوە بەردرێتە پێشەوە ؟ , بێشك دەستپێکی ئاوا گێلی سیاسییە ! , ئەنجامەکەشی ناشرینکردنی خودی بزوتنەوەکەیە .

هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری لە هەر وڵاتێك , بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دێت لە کارکردن لەسەر خاڵە هەستیار و ڕەواکانەوە دەستی پێدەکات , نەك خاڵە قێزەونەکان .

کاتێك بانگەواز بۆ ئینسانی بوونی شاری کەرکوك دەکرێت , بەبێ ئەوەی ڕەچاوی شوێنەوارە قێزەونەکانی سیاسەتی تەعریب بکرێت , ئەو بانگەوازە چەندە لە نیەتێکی پاکەوە بەرز بکرێتەوە , لە لایەن سیاسییە ساوێلکەکانی نەتەوەی ژێر دەستەوە , بۆنی بەرامەکەی لە خزمەت جێگیرکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و تەعریبدا دەبێت , لە کۆتایدا دەچێتە گیرفانی نەتەوەی سەردەست و شۆفینییەتی عەرەبییەوە , ئاخر ئازادی نیشتەجێبوون لە ئەمستردام و کەرکوك لە ژێر دەسەڵاتی بەعس و دیموکراسییەتدا زۆر لە یەکتر جیایە , لە ئەمستردام کەس بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا نەهاتووە , هەموو بەدوای تێرکردنی سك و دامرکاندنەوەی حەزەکان و ڕاکردن لە مەرگ و شەڕ و دیکتاتۆرییەت گەیاندویانیەتی بەو شوێنە , وەلێ لە کەرکووك شەڕ لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی گەرمە , بوونی 1 عەرەبی تەعریب کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی نیشتمانی و سڕینەوەی مێژوو و دابەشکردنی جوگرافیاوە هەیە , بەم شێوەیەش دژایەتیکردنی لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید و خاڵە شهاب , شێخ زانا , لەیلا قاسم , .... زۆر جیان لە یەکتر .

عەلی حەسەن مەجید هێمایە بۆ ئەنفال , سەگە ڕەشەکەی نگرە سەلمان , شێخ وەسانان , هەڵەبجە , گۆپتەپە , ملە سوورە , گۆڕە بە کۆمەڵەکان , سیمایە بۆ هەزاران مل بە پەتی سێدارەوەو هەزاران پەلاماردان بۆ سەر ژنان و کچان و سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ , هێمایە بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دەیان ناوچەی دیکە , هێمایە بۆ خاپورکردنی هەزاران گوند و سڕینەوەی شوێنەواری ژیان لە دەیان هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشە , عەلی کیمیاوی لە دوای سەدام گەورەترین تاوانباری سەردەمە بەرامبەر بە کورد لە نیو سەدەی ڕابردودا , بۆیە لە سێدارەدانی تۆڵەیەکی سیاسی گەورەیە بۆ کورد , ئەگەر دادگاکە لە بواری یاساییدا کورد دۆڕاندبێتی , پێویستی بەوە هەیە لە ڕوی سیاسییەوە قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە , لە سێدارەدانی ئەو تاوانبارانە بە گشتی وە بە تایبەتی لە کوردستان و لە شاری هەڵەبجە هێمایە بۆ تۆڵەی خودی ئەو تاوانە , ئەمە دەبێتە وانەیەك بۆ هەموو ملهوڕەکانی دیکەش , هوشیاریان دەکاتەوە لەوەی ئەگەری ئەوە هەیە هەمان چارەنووس چاوەڕوانی ئەوانیش بکات ڕۆژێك دێت دەستی دادپەروەری پێیان دەگات , بۆیە ئێمەی کەس وکاری قوربانیان هەرچەندە بەدوای تۆڵەی شەخسییەوە نین لە تاوانکاران , ئەوەی دادگا ئازادی دەکات هیچ مافێکمان لەسەری نییە , وەلێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا جارێکی دیکە کەس و کارمان هەمان چارەنووسیان نەبێت , پێویستمان بە جێبەجێکردنی ئەو سزا قورسە هەیە , بۆ ئەوەی تاوانکارانی داهاتوو بترسێنێت , بە تایبەتیش ئەوانەی لە لوتکەی دەسەڵاتن .

بۆیه منێك تاسەر ئێسك دژی سزای له سێدارەدانم , بەڵام بۆ ئەوەی شوێنەواری له سێدارەو گۆڕی به كۆمەڵ بسڕینەوە , نەك تەنها بانگەوازی له سێدارەدانی تاوانكارانی بەعس دەكەم , بەڵكه داواكارم ئەو شانازییەشم بەر بكەوێت له پرۆسەی كۆتایی هێنان به ژیانی ئەو دڕندانه وەك كارەكەرێك پشكداری بكەم , بۆیه بانگەوازی هەموو كەس و كاری قوربانیان دەكەم پشكداری لەو ئاهەنگە مێژوییه بكەن وا بەڕێوەیه له ڕۆژی 10–6 ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال .